حكومەتی هەرێمی كوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە - لیژنەی باڵای تاقیكردنەوە گشتییەكان
تاقیكردنەوە گشتییەكانی قۆناغی ئامادەیی ( پۆلی دوازدەهەمی ویژەیی )

بەناوی خودای گەورە

بابەت: جوگرافیا / كات: 3:00 كاتژمێر
وەڵامی نموونەیی
ساڵی خوێندنی 2023 -2024 خولی دووەم

پەنجەمۆر

student12.com
SN: 5000001

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

1.یەكێكە لەو بەرووبوومانەی كە چاندنی لە شێوازی كشتوكاڵی جێگۆڕكێ لە ئەفریقا بلاوە:
A) هەرزن B) برنج C) گە نمە شامی D) چای

2. ئەگەر.............. نەبێت ئەوا چالاكی ئابووری لە ئاستێكی بژێوی دەمێنێتەوە:
A) كانزاكاری B) پیشەسازی C) بازرگانی D) گواستنەوە

3.كانزاكان دابەش دەكرێن بە پێی: A) ئەركی كانزاكە B) شوێنی پێكهاتنی كانزاكە
C) بەكارهێنانی بۆ نەهێشتنی پێداویستە جۆربەجۆرەكانی مرۆڤ D) ( A و C ) ڕاستن

4.دەریاڕەوی لە دەریای مەرمەرە بێ مەترسییە تەنیا لە دواین بەشی.......... ............ نەبێت كە دەگاتە دەردەنێل:
A) باكووری خۆرهەڵات B) باشووری خۆرهەڵات C) باشووری خۆرئاوا D) باكووری خۆر ئاوا

5.یەكێكە لە بەندەرەكانی سەر دەریای سوور كە نەوتی عێراقی بۆ دەگوازرێتەوە :
A) یەنبوع B) بانیاس C) تەرابلوس D) جەیهان

6.ئاماری نوێ دەری خستووە كە یەدەگی نەوتی ئەم ناوچەیە فراوانترین یەدەگە لە كیشوەری ئاسیادا دوای ناوچەی كەنداوی عەرەب:
A) باكوورو باشووری چیای قەوقاز B) كێڵگەی نەوتی كۆماری ئازەربایجان
C) باكووری دورگەی سەخالین D) ناوچەكانی نێوان ڕووباری ڤۆلگا و چیاكانی ئۆراڵ

7. لە شێوازی كشتوكاڵی بازرگانی ڕێكخراو هەر ناوچەیەك بۆ بەرووبوومێك تەرخانكراوە،وەك كێڵگەی كاكاو لە :
A) خۆرئاوای ئەفریقا و ئەمریكای باشوور B) خۆرهەڵاتی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ئەفریقا
C) ئەمریكای ناوەڕاست و باشووری ئەفریقا D) باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا

8.خاوەكانی و باشی جۆرەكەی لە ئاو و هەوای مەیلەو گەر م و شێدار ( خولگەیی و نیمچە خولگەیی ) باشتر دەبێت:
A) مس B) بۆكسایت C) گۆگرد D) ئاسن

9.سەیری نەخشە بكە ژمارە ( 1 ) ئاماژەیە بۆ:
A) بانی پەتەگۆنیا B) دورگەی مالاگاشی C) بانی دكن D) بیابانی كەلهاری

10.كام لەم دەستەواژانەی خوارەوە هەڵەیە :
A) بە خێوكردنی بەراز ڕێگە لە بەكارهێنانی زەوی كشتوكاڵی ناگرێت بۆ بەرووبوومی كشتوكاڵی .
B) كۆكردنەوەی سەرەتایی لە چوارچێوەیەكی تەسك نەبێت لە بازنەكانی ناوەند دەرناكەوێت.
C) پیشەی كشتوكاڵی سەرەتایی لە كیشوەری ئاسیا بە شێوەیەكی سەرەكی دەكەوێتە دوورگەكانی باكووری خۆرئاوای كیشوەرەكە.
D) لە سنووری باشووری ویلایەتە یەكگرتووەكان گەنم ناچێنرێت بە هۆی بەرزی پلەی گەرماو شێی زۆر.

11. لە جەنگەڵە یەكسانەكانی حەوزی كۆنگۆ دەژین وخەریكی پیشەی كۆكردنەوەی سەرەتایین:
A) كورتەباڵاكان B) سیمانكەكان C) هندییە سوورەكان D) بۆشمەنەكان

12. بە پێی بیردۆزی ( فون تونن ) كشتوكاڵی دانەوێڵە چاندن و لەوەڕاندن دەكەوێتە پشتێنەی:
A) دووەم B) سێیەم C) چوارەم D) پێنجەم

13. لە ئە نجامی تێكەڵكردنی ( مس ) لەگەڵ ( تۆتیا ) بەرهەم دەهێنرێت:
A) برۆنز B) مسی زەرد C) كرۆم D) تەنەكە

14.جیاوازی ئەو نۆکەندە لەگەڵ نۆکەندەکانی تر ئەوەیە کە ڕێکخەر و ناوەندی دەست بەسەرداگرتنی تایبەتی هەیە :

A) سویس B) مەلەقا C) کیل D) پەنەما

15.بە ڕووبەری فراوان کە بە سەدان میل دووجا دەبێت لە ( سەقەلیە ) دا هەیە :

A) گۆگردی بەردی نیشتوو B) ئەلبیریت C) گۆگردی گڕکانی D) بەردی فوسفات

16.گۆڕینی ئەو زۆنگاوانەی کە لە کەنارەکانی باکووری خۆرئاوای ئەوروپان بۆ زەوی کشتوکاڵی بەندە بە :

A) هۆکاری زیندەگی B) داب و نەریتی کۆمەڵایەتی C) ڕامیاری و یاسا میرییەکان D) هوکاری ئابووری

17.سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( 2 ) ئاماژەیە بۆ:

A) گەرووی جەبەل تاریق B) گەرووی مەلەقا C) نۆکەندی سویس D) گەرووی بابولمەندەب

18.لە نیوەی باشووری گۆی زەوی تەنیا لە بەشێکی کەمی خۆرهەڵاتی کۆماری باشووری ئەفریقا دەردەکەوێ:

A) جەنگەڵە خولگەییەکان B) جەنگەڵە مام ناوەندییە نیمچە گەرمەکان

C) جەنگەڵە مام ناوەندییە نیمچە ساردەکان D) ( A و B ) ڕاستن

19.بەرهەمی ماسی لە ڕووبارو دەریا ناوخۆییەکان لە ................ ی بەرهەمی جیهان کەمترە :

A) سێ یەك B) چوار یەك C) پێنج یەك D) شەش یەك

20.کارتێکردنی داماڵین و جووڵەی توێژاڵی زەوی لە بەردەکان و نزیك بوونەوەی لە ڕووی زەوی دەبن بە سەرچاوە بۆ گەلێك کانزای بە سوود، وەك دەرهێنانی کانزا لە :

A) چیاکانی ئۆراڵ لە ڕوسیا B) کانەکانی ڕند لە باشووری ئەفریقا

C) ناوچە بیابانەکانی پیرۆ D) چیاکانی ئەندیز لە ئەمریکای باشوور

21.پانی گەرووی جەبەل تاریق لە کۆتایی خۆرهەڵاتی ................ دەبێت و تەسکترین بەشی گەروەکەش دەکەوێتە لای خۆرئاوای هەرێمی ( سەبتەی ) ئیسپانیا کە دەگاتە ..................... :

A) (38کم) - (10کم) B) (53کم) - (12کم) C) (33,2کم) - (10کم) D) (21کم) - (12کم)

22.خەلوزی پۆلەندە بە باشی و زۆری بڕەکەی و باری دەرهێنانی گونجاو بەناوبانگە، زۆربەی کانەکانیشی دەکەوێت ناوچەی:

A) سیلیزیای سەروو B) وستفالیا C) خۆرهەڵاتی چیای پەناینز D) ئەکسی لاشاپیل

23.بە پێشەنگی وڵاتان دەژمێردرێت لە ناردنە دەرەوەی گۆشتی بەراز :

A) نیوزیلاندا B) دانیمارك C) ئەرجەنتین D) چین

24.سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( 3 ) ئاماژەیە بۆ:

A) دەریای کاریبی B) دەریای ژاپۆن C) دەریای سوور D) دەریای ڕەش

25.ڕێژەی کارگەرانی پیشەی کشتوکاڵی بازرگانی لە بەریتانیا دەگاتە................ی دانیشتوان:

A) ٪2,1 B) ٪1,2 C) ٪2,3 D) ٪2,6

26.جیاوازی لەگەڵ درەختەکانی تری جەنگەڵە خولگەییەکان ئەوەیە کە تەختەکەی نەرمەو لە ئەمریکای ناوەڕاست و بەرازیلدا هەیە :

A) ئەبەنوسی ڕەش B) ئۆرزی یەکسانی C) ساج D) ماهۆکنی

27.یەکێکە لە شێوازەکانی کشتوکاڵی بازرگانی فراوان، لە جیهانی کۆندا لە کیشوەری ئەفریقا لە ناوەڕاستی ئەنگۆلاو زیمبابوێ هەیە :

A) ئاژەڵ لەوەڕاندن B) کشتوکاڵی بازرگانی ڕێکخراو C) کشتوکاڵی تێکەڵ D) کشتوکاڵی جێگۆڕکێ

28.ئەستووری چینەکانی خاوە ئاسنەکانی فەرەنسا لە نێوان .................. پێ دەبێت:

A) 120 - 50 B) 130 - 60 C) 130 - 50 D) 120 - 60

29. کام لەم دەستەواژانەی خوارەوە ڕاستە :
A) کیشوەری ئاسیا لە هەموو کیشوەرەکانی تر لەبارترە بۆ پەیداکردنی وزەی کارۆئاوی کە بەتەنها ( 40٪ ) تێدایە.
B) فۆسفات لەو بەردە گرنگانە دەژمێردرێت کە لە پیشەسازی پەینی کیمیاوی سوودی لێ وەردەگیرێت.
C) ( فهود ) یەکێکە لە کانە نەوتەکانی وڵاتی ئیماراتی عەرەبی.
D) نەوت باشترین کەرەسەی سەرەتاییە بۆ بەرهەمهێنانی ( ئەسیلین ).

30. لە ساڵی ( 1962 ) بەشی ئەو پاڵاوتگە نەوتانە لە بازاڕەکان نزیکن گەیشتە :
A) 60٪ B) 63٪ C) 70٪ D) 73٪

31. بۆ دەرهێنانی خەڵووز لە یەکێك لەم کانانە ڕێگای چاڵی قووڵ بەکاردەهێنرێت :
A) کانەکانی باشووری ویلز
B) کانەکانی یورکشایەر
C) کانەکانی ڕۆژئاوای ڤەرجینیا
D) کانەکانی ویلایەتی مەشیگان

32. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە ( 4 ) ئاماژەیە بۆ زنجیرە چیاکانی :
A) ئەندیز B) ڕۆکی C) ئەپەلاش D) ئەلپ

33. لە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمهێنانی قامیشی شەکر :
A) پێویستی بە ( 1000 - 1500 ) ملم باران هەیە
B) یەکەم بەری لەماوەی ( 9-22 ) مانگ دەدات
C) وەرزی گەشەسەندنی دەبێت بۆ ماوەی ( 4-6 ) مانگ بی زوقم بێت
D) پێویستی بە خاکێکی قوری سووکی تێکەڵ بە لم هەیە

34. بۆ کشتوکاڵکردنی لۆکە دەبێت پلەی گەرما لە ( 21 ) پلەی سەدی زیاتر بێت بۆ ماوەیەك کە لە ............ کەمتر نەبێت بەمەرجێك کە شان بەشانی وەرزی گەشە سەندن بێت :
A) ( 2 ) مانگ B) ( 3 ) مانگ C) ( 4 ) مانگ D) ( 5 ) مانگ

35. نزیکەی نیوەی ژمارەی گامێشی هەموو جیهانی تێدایە :
A) میسر B) چین C) هیندستان D) بەرازیل

36. زێڕ و زیو و قورقوشم لەو ناوچانەدا هەن کە پێکهاتوون لە بەردی :
A) نیشتوو B) ئاگرین C) گۆڕاو D) ( A و C ) ڕاستن

37. گۆگرد لە عێراق لەگەڵ بۆنە گۆگردییەکاندا لە ئاوی سەرچاوە گەرماوەکاندا هەیە لە ناوچەی :
A) فە تحە B) ڕەحالیە C) کفری D) کەرکوك

38. جیاوازی ڕووی زەوی وجیاوازی پلەی گەرماو شێ لە هاوین و زستاندا بونەتە هۆی دروستبوونی کشتوکاڵی هەمەچەشن لە شێوازی :
A) کشتوکاڵی دەریای ناوەڕاست
B) کشتوکاڵی بازرگانی ڕێکخراو
C) کشتوکاڵی تێکەڵ
D) کشتوکاڵی بژێوی

39. بایەخی سامانی ئاژەڵ وەك سەرچاوەیەکی خۆراك پاڵی بەو دەوڵەتانەوە ناوە بۆ جیاکردنەوەو تەرخانکردنی ڕووبەری زەوی بۆ ئالیك چاندن هەر چەندە پێویستییان بە ڕووبوومی کشتوکاڵ هەیە هەروەك لە :
A) سودان B) سۆماڵ C) میسر D) ئەسیوبیا

40. باکووری ئەفریقا بە ( میسرو لیبیا و جەزائیرەوە ) نزیکەی ( 14٪ ) ی ناردەنی نەوتی جیهان پێکدێنێت و زۆربەشی دەچێت بۆ :
A) وڵاتانی ئەورووپای خۆرئاوا
B) ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا
C) ژاپۆن و ئوسترالیا
D) خۆرهەڵاتی ئەورووپا

41. لە شێوازی کشتوکاڵی بژێوی چڕ گەرماو بارانی زۆر بۆتە هۆی ئەوەی کە چاندنی برنج ساڵی سێ جار دووبارە ببێتەوە لە یەك کێڵگەدا وەك لە :A) باشووری کۆریا B) ڕۆژهەڵاتی هیندستان C) تایلاند D) باشووری ژاپۆن

42. ڕێژەی ئاسنە پوختەکەی (٪72,5) ی خاوەکەیەتی، لە سروشتدا کەمە لەناوچەی بەردی ئاگرین و گۆڕاودا هەیە، مەڵبەندە کانزاکاریەکەی دەکەوێتە باکووری سوید:

A) هیماتایت
B) ماگناتایت
C) لیمۆنایت
D) سیدرایت

43. سەیری نەخشەکە بکە ژمارە (5) ئاماژەیە بۆ وڵاتی:

A) کۆلۆمبیا
B) ئەرجەنتین
C) ڤەنزویلا
D) ئیکوادۆر

44. ژاپۆن و بەریتانیا خاوەنی وزەی زەرە (ئەتۆمی) ی جیهانن بە ڕێژەی:

A) ٪7
B) ٪8
C) ٪9
D) ٪10

45. لە ساڵی 1955 تەواو کرا، تایبەتە بۆ دروستکردنی ئەسفەلت، لەم دوایانەدا بەرهەمی ساڵانەی گەیشتە (400) هەزار تەن:

A) پاڵاوتگەی گەیارە
B) پاڵاوتگەی سەماوە
C) پاڵاوتگەی موسڵ
D) پاڵاوتگەی حەبانییە

46. باکووری خۆرهەڵاتی کۆناکریّ و دورگەی کاسا گرنگترین ناوچەی بەرهەمهێنانی بۆکسایتن لە:

A) ئوستڕالیا
B) ژاپۆن
C) غینیا
D) جامایکا

47. یەکێکە لە(خاسیەتە خۆییەکانی کشتوکاڵ) مەبەستیش لێی ئەو چۆنیتیەیە کە بەرهەمهێنان تێیدا دێتە کایەوە ، هەروەها بەو هۆ و ڕێبازانەی بەکاردەهێنرێن و پەیرەو دەکرێن بۆ بەجێهێنانی:

A) خاسیەتە کۆمەڵایەتییەکان و خاوەنداریەتی کشتوکاڵ
B) خاسیەتی ڕێکخستن و هونەرکاری
C) خاسیەتەکانی بەرهەمهێنان
D) هیچیان

48. بڕی تیشکدانەوەی خۆر کە پێویستی جیهان پڕیکاتەوە بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی وزە دەگاتە............. لە تێکڕای ئەو وزەیە:

A) (٪1)
B) (٪0,1)
C) (٪0,01)
D) (٪0,001)

49. پیشەسازی بنەڕەتی و بەکاربردن دابەشکردنی پیشەسازییە لەسەر بنەڕەتی:

A) سروشتی بەرهەمداری
B) قەبارەی سەرمایە
C) سەرچاوەی کەرەستەی سەرەتایی
D) چۆنیەتی بەرهەمە پیشەسازیەکە

50. بڕی ئەو بارانەی لە هەرێمی کوردستانی عێراق دەبارێت زیاد دەکات تا بەرەو.......... بڕۆین تا دەگاتە.........لای چیا هەرە بەرزەکان:(A

باکووری خۆرئاوا – 600ملم
B) باشووری خۆرهەڵات – 760ملم
C) باشووری خۆرئاوا – 700ملم
D) باکووری خۆرهەڵات – 1000ملم

